# ڕۆڵی پەیوەندیە گشتیەکان لە هاندانی فەرمانبەرانی کۆمپانیادا- کۆمپانیای دەبڵ ئەی بە نمونە

**سازگار حەمە امین کریم** [1]

[1] بەشی ڕاگەیاندن، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: sazgar.kareem@univsul.edu.iq

دور العلاقات العامة في تحفيز موظفي الشركة، شركة دبل اي نموذجا.

**المستلخص:**

مع تطور الحضارات الانسانية تطورت العلاقات قرناً بعد آخر، واحتلت العلاقات العامة موقعها المتميز، و نمت تبعا الى النمو المدني والحضاري حتى أخذت اليوم "اطارا اداريا مستقلا" وهي وفن وفلسفة تبنى في ضوئها قواعد وأعراف، و على الخصوص في المؤسسات الانتاجية، وذلك بغرض العمل على زيادة الانتاج كماً و نوعاً، وكيفية تسويقها وعرضها على المستهلكين.

في هذا البحث تتم دراسة احدى المؤسسات الانتاجية الكبرى في مجال انتاج الورق، و التي لديها ممثلية في كردستان و العراق والمتمثلة في شركة (دبلأي)المختصة في انتاج الورق ،وذلك بغرض التعرف على دور جهاز العلاقات العامة في زيادةالانتاج عن طريق رفع وتائر دافعيةالعاملين نحوالعمل.

هذا البحث وصفي نوعي، في الفصل الأول تم تبيين منهجية البحث؛ كعرض مشكلة البحث واهميته و الحاجة لمثل هذه البحوث و التعريف لاهم المصطلحات.

في الفصل الثاني تم التطرق إلى حدود البحث واستعراض المستخلص لبعض الدراسات السابقة المرتبطة بهذا البحث.

واستعرض في الفصل الثالث الجانبا لتطبيقي بجميع اجراءاته ابتداء" من وصفا لاجراءات ومبررات تبنيها ثم المجتمع، و طرق استخلاص العينة منه والتي بلغت 62 % من مجموع العاملين في الشركة. أما الفصل الرابع فمخصص لتحليل النتائج ومناقشتها، اما الفصل الخامس و الأخير فاختتم البحث بتقرير الاستنتاجات والتوصيات والمقترحات.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٥ ژمارە ٢ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠١٩/٧/١٢ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠١٩/١٢/٢٦ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Sazgar.kareem@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٠ \| م.م. سازگار حەمە امین کریم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract:

With the development of human civilizations, relations have being developed a century after another, and public relations placed their distinctive position, and they grew according to the growth of civilization until today that have taken a "Independent administrative framework", which is defined as art and philosophy in the shadows of its rules and norms were made it, especially in productive enterprises, for the purpose of increasing the quantity and quality of production, and how to market it and present it to consumers.

This research about one of the major productive enterprises in the field of paper production named(double) company, which has representation in Kurdistan and Iraq and specialized in paper production, this study to identify the role of the public relation department in increasing production by motivating employees.

This research is the qualitative description type. In the first chapter, the methodology was shown, as a presentation of the research problem, and its importance, the insistence for such a research, and the definition of the most important keywords.

In the second chapter, were discussed the scope and the extract some reviewed of the previous studies related to this research.

In the third chapter, showed the aspect of the procedures and practical part and methods, which will extract the sample from it, which was 62% of the total number of employees in the company. As for the fourth chapter, it is devoted to analyzing the results and discussing them. As for the fifth and last chapters, the research concluded with a report of conclusions, recommendations and suggestions for later studies in this field.


Keywords: public relation, Motivation, Copmany, Employee activities


## پوختە:

لەگەڵ گەشەکردنی شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتیدا سەدە لە دوای سەدە  پەیوەندییەکان گەشەی کرد و پەیوەندییە گشتیەکانیش جێگەی خۆی کردەوە، کە چوارچێوەیەکی کارگێڕی سەربەخۆی وەرگرتووە، و هونەرو فەلسەفە و ڕێسا و ڕەفتار و بنەما و ئەرک و ڕۆڵ و بەرپرسیاری و کاریگەری و گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەت لە دامەزراوەکانی بەرهەمهێناندا. ئەوەش بەمەبەستی زیادکردنی بەرهەمهێنان لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە و ساغکردنەوەیان لە بازاڕدا.

ئەم توێژینەوەی لەسەر یەکێک لە کۆمپانیا گەورەکانی بواری بەرهەمهێنانی کاغەزی سپی کراوە، کە نوێنەرایەتیان هەیە لە کوردستان و عێراق بەناوی کۆمپانیای دەبڵ ئەی بۆ بەرهەمهێنانی کاغەز، مەبەستی زانینی رۆڵی پەیوەندییە گشتیەکان  لە بۆ جەماوەری ناوەوە لەڕێگەی هاندانی فەرمانبەرانی کۆمپانیا بۆ زیاتر چالاکردنیان و زۆری بەرهەمهێنان.

ئەم توێژینەوەیە وەسفی جۆریە ، لە بەشی یەکەمدا ڕێبازی توێژینەوەکەی تێدا ڕونکراوەتەوە وەکو خستنەڕووی کێشەکە، و گرنگی و پێویستی ئەم جۆرەتوێژینەوانە، لەگەڵ  ناساندنی چەند زاراوەیەکدا. لە بەشی دووەمدا چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە و هەندێک لە پوختەی چەند توێژینەوەیەکی پەیوەندیدار  باسکراوە، هەروەها لە بەشی سێیەمدا کە لایەنی پراکتیک و نمونەی توێژینەوەکە کە نزیکەی لە سەدا ٦٢ی سەرجەم فەرمانبەرانی کۆمپانیاکەیە. کۆکردنەوەی داتاکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی زانستی کۆکردنەوەی داتابوە وەکو ( فۆڕمی ڕاپرسی) بەشی چوارەم خستنەڕووی شیکاری ئەنجامەکانە لە کۆتا بەشدا هەریەکە لە دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان خراونەتە ڕوو.

کلیلی وشەکان: پەیوەندیە گشتیەکان، هاندانی فەرمانبەران، کۆمپانیا، چالاکی فەرمانبەران.

## بەشی یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوە:

هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی پێشکەوتنی ئابووریدا تێپەڕیوە و لە ڕێگەیەوە چەندین کۆمپانیا هاتون و ڕۆڵیان گێڕاوە لە بەرەو پێشچونی ئەم هەرێمە، ئەم ڕۆڵ و بەرەوپێشچونەی دامەزراوەکان ناکرێت پەیوەندی فەرمانبەرانی دامەزراوەکانی تێدا نادیدە بگیرێت، و پێویستە شانبەشانی ڕۆڵ و گرنگی کۆمپانیاکان گرنگی بدرێت بە ڕۆڵی فەرمانبەران بۆ ئەوەی سەرکەوتن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمپانیاکان بگەنە ئاستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی نێوخۆی کۆمپانیاکە وپاشان دەرەوەی کۆمپانیاکە، وەکو بەکاربەران و بازاڕ و ئەوکۆمەڵگەیەی بەرهەمەکەی تێدا ساغ دەکرێتەوە. لێرەدا لە ڕێگەی ئەم پرسیارەوە پێویستی و گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەخەینە روو " ئایا پەیوەندییە گشتیەکان لەوکۆمپانیایانەی کە نوێنەرایەتیان هەیە، بۆ نمونە دەبڵ ئەی، توانیوێتی ڕۆڵی هەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکی فەرمانبەران و بەرهەمهێنان؟" .

بەشێوەیەکی تر ڕۆڵی پەیوەندیە گشتیەکان چیە لە هاندانی توانستی خودیی فەرمانبەران و توانای ئەوان لە پەرەپێدان و هاندانیان بۆ زیاتر سودوەرگرتن لە وزەو توانایان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕێگاکانی هاندان و پێزانین و خەڵات و سوپاسکردن و هەر ڕێگەیەکی تری گونجاو کە تیایدا ڕۆڵی هەبێت لە دروستکردنی ژینگەیەکی لەباری ئەرێنی کە ناوەوەی دامەزراوەکە فەرمانبەران هاو هەڵوێست و ڕەزامەند بن لەشێوازی پەیوەندیکردن و پەیوەندییەکاندا.

### دووەم: گرنگی و پێوستی توێژینەوە:

### گرنگی توێژینەوە خۆی لە توانای دەرخستنی و زانینی ئەم خالآنەدا دەبینیتەوە:

١-ڕۆڵی واقیعی پەیوەندییە گشتیەکان لە یەکێک لە کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان کە لە کوردستان نوێنەرایەتی و لقیان هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی فەرمانبەران.

٢-چالاکیە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیەگشتیەکان لە یەکێک لە کۆمپانیاکان و کام چالاکی زۆرترین کاریگەری لەسەر فەرمانبەران و ئاستی بەرهەمهێنان هەیە.

٣-پەیوەندی نێوان چالاکیەکانی پەیوەندیەگشتیەکان و چالاکی و کاری فەرمانبەران و کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان.

٤- کاریگەری لە نێوان توانای پەیوەندیەگشتیەکان لە ناوکۆمپانیاکەو ئاستی هەستکردن لەلایەن فەرمانبەرانەوە بە هۆگربوون بە جێبەجیکردنی ئەرکەکانیان لە پێناو زیادکردنی بەرهەمدا.

٥-ئەم توێژینەوەیە گرنگە چونکە هەوڵدانێکە بۆ پێوانەکردنی کاریگەری پەیوەندیە گشتیەکان لە کاری بەرهەمهێناندا لە گۆشەنیگای فەرمانبەرەکانەوە.

٦-تیشکیک دەخاتەسەر لایەنی کارگێری کە پێداگریدەکات لەسەر کوالێتی و بەرهەمهێنانی زیاتر.

٧-ئەم توێژینەوەیە جۆرێتی ئەو چالاکیانە دەخاتە رووکە لە بواری پەیوەندیە گشتیەکاندا گرنگە لە ڕێگەی خستنەڕووی زانیاری و داتاکان،ئەمەش دەروازەیەکە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەم بوارەدا.

٨-لە ڕێگەی ئەم توێژەنەوەیەوە دەتوانیت گرفتی فەرمانبەران دیاری بکەیت و چارەسەری گونجاو دابنێیت، بۆ ڕێگرتن لە دابەزینی ئاستی کارکردنیان (بریمۆ، ٢٠٠٨)

## سێهەم: ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ گەیشتنە بەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١-زانینی واقیعی کاری پەیوەندیە گشتیەکان لە کۆمپانیای دەبڵ ئەی لە دیدی فەرمانبەرانیەوە.

٢-بۆدەرخستنی ژمارە و جۆری بەرنامەکانی پەیوەندیە گشتیەکان، و پلەی کاریگەرێتی لەسەر فەرمانبەرەکانیەوە.

٣-پێوانەکردنی کاریگەری بەرنامەکانی پەیوەندیە گشتیەکان بۆ بەرزکردنەوەی چەندێتی و چۆنیەتی لە گۆشەنیگای جەماوەری ناوەوەی دامەزراوەکە.

## چوارەم: پرسیارەکانی توێژینەوە

دەتوانین تەوەری ئامانجەکانی توێژینەوە لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بەدەست بهێنین:

١- شێوازی چالاکییە ناوەکیانە کامانەن کە پەیوەندیەگشتیەکانی ئەم کۆمپانیایە جیبەجێیدەکات ؟

٢-چۆن دەتوانرێت کاریگەریەکانی چالاکیە جیاوازەکانی هاندانی نێوخۆیی دیاری بکرێت کە ڕاستەو خۆ پەیوەندی بە کارکردنی فەرمانبەرانەوەهەیە تا بە ئاستێکی بەرز کارەکانیان جێبەجێبکەن؟

٣-ئایا چالاکیەکانی پەیوەندیە گشتیەکان بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو بەشداربووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکی فەرمانبەران و زیادکردنی داوا لەسەر کاڵا لە نێو ئەم کۆمپانیایەدا؟

## پێنجەم: ناساندنی زاراوەگشتیەکانی توێژینەوە

لێرە توێژەر ئەو زاراوانە ڕوندەکاتەوە کە لە توێژینەکەدا بەکارهێنراون بەمەبەستی زیاتر بەدیهێنانی تێگەیشتن لە ئامانجی توێژینەوەکە.

١-پەیوەندیە گشتیەکان: کارێکی کارگێرییە بنەمای و فەلسەفەی دیاریکراوی خۆی هەیە، ئامانجی بەرزکردنەوەی ئەدای کارمەندانە لە ڕێگەی زیادکردنی هۆشیاری و دابیکردنی پێداویستیەکانیان و ڕوبەڕوبونەوەی تەنگەژەکانیان، لەگەڵ ئاشناکردنیان بە هونەر و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرمانبەران پێکەوە لەناو دامەزراوەکەدا، بەهامان شێوە لەگەڵ دەرەوەی دامەزراوەکەدا وەک کڕیار و بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندییان، گرنگی دان بە بەرزکردنەوەی کواڵتی بەرهەم.

٢-کۆمپانیای دەبڵ ئەی: کۆمپانیایەکی تایبەتە بە دروستکردنی کاغەز بە پێی مواسەفاتی نێودەوڵەتی، خاوەنی سیستم و نیزامی بەڕێوەبردنی تایبەت بەخۆیەتی، بنکەی سەرەکیان دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری (بانکۆک)و لە چەندین وڵاتی دنیادا نوێنەرایەتی و لقی هەیە لە کوردستانیش بەرهەمەکانیان پێشکەش کردوە و ناسراوە لە کۆمەڵگەدا.

٣-گۆشەنیگای فەرمانبەران: تەکنیک و ڕێگایەکی توێژینەوەیە کە توێژەر بەکاریدەهێنێت لە ڕێگەی نوسینی تێبینی ناڕاستەوخۆوە بۆ پێوانەکردنی جۆرێتی لە بابەتێکی دیاریکراودا لە ڕێگەی چەند کەرەستەیەکی کۆکردنەوەی داتاکانی وەکو فۆرمی ڕاپرسی

لەم توێژینەوەیەدا گۆشەنیگای فەرمانبەران بەکارهێنراوە وەکو پێوانەیەک بۆ دیاریکردنی کاریگەری پەیوەندی گشتی لەسەر بەرهەم هێنان ئەوەش لە ڕێگای بەکارهێنانی فۆرمێکی ڕاپرسی تایبەتەوە.

٤-کارگێری باڵا: مەبەستمان لەم دەستەواژەیە بریتیە لەو یەکە کارگێڕیەی کە توانای بڕیاردان و پشتگیریکردن و پێدانی دەسەڵاتی هەیە بەیەکەکانی خوارخۆی لەناو کۆمپانیادا.

## شەشەم: سنوری توێژینەوە

سنوری توێژینەوەکە ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

١-مرۆیی: تەنها فەرمانبەرانی کۆمپانیای دەبڵ ئەی بۆ دروستکردنی کاغەز.

٢-کات: داتاکان کۆکراوەتەوە لە نێوان مانگەکانی ئاب تا کانونی دووەمی ٢٠١٨

٣-شوێن: فەرمانبەرانی کۆمپانیای دەبڵ ئەی لە شاری بانکۆک

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری

١ - گەشەسەندنی چەمکی پەیوەندیە گشتیەکان

توێژەر پێناسەی چەمکی پەیوەندیە گشتیەکانی ڕونکردۆتەوە لە چەند لایەنێکی وەك زمانەوانی، وەزیفی، کارگێڕی، کرداری، بەڵام توێژەر جەخت لەوانە دەکاتەوە کە زیاتر پەیوەستن بەبابەتەکەوە، بەم شێوەی لای خوارەوە:

-پێناسەی زمانەوانی: پەیوەندیەگشتیەکان لە دوو وشە پێکهاتووە، پەیوەندیەکان کە چاوگەکەی (علائق) واتە پەیوەندی،پێکەوە بەستن، پەیوەستبوون، پابەندبوون و پەیوەندیکردن. بەهەرشتێک دەوترێت کە پەیوەندی بە شتێکی ترەوە هەبێت (المنجد الأبجدي، ١٩٧٨: ٧١١)

- پێناسەی فەلسەفی بۆ پەیوەندییەگشتیەکان: پێکدێت لە کۆمەڵە پێکەوەبەستنێکی مرۆیی پتەو کە وەکو یەکەیەکی پێکەوە بەستراو لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو، یان پەیوەستبونێک و پێکەوە بونێکە لەناو دامەزراوەیەکدا لەسەر چەند بنەماو یاسایەکی دیاریکراو، واتە ڕۆڵی هەر ئەندامێک وێنادەکرێت وەکو ڕۆڵی ئەندامانی خێزان لە خێزانێکداوەکو بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتی، کە هەریەکە لە باوک و دایک و منداڵەکان ڕۆڵی تا یبەتی خۆیان هەیە. ئەمە لە هەر سیاقێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوریدابێت...

- پێناسەی کرداریی پەیوەندیە گشتیەکان: پەیوەندیە گشتیەکان پێکدێت لە چالاکیی دروستکردن و پاراستنی پەیوەندی کە چەندین ئامانج و مەبەستی لەپشتەوەیە، لە نێوان دامەزراوەکان و هەروەها فەرمانبەرانی دامەزراوەکان لە ئاست و جۆرەجیاوازەکاندا، بە شێوەیەک کە پاراستنی وێنەی پرشنگداری دامەزراوەکە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگا و لەهەمان کاتدا پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دامەزراوەکە بێنێتەدی.

هەروەها کۆمەڵەی پەیوەندیە گشتیەکانی ئەمەریکا، پەیوەندیەگشتیەکان بەوە پێناسە دەکات کە دەڵێیت کارگەکان یان کۆمەڵەکان یان حکومەت هەوڵ دەدات بۆ پاڵپشتیکردنی دروستکردنی پەیوەندی دروست و پتەو سودگۆڕکێ لە نێوان ئەوانەی باسمانکرد لە گەڵ جەماوەرەکانیاندا، ئیتر جەماوەرەکان ناوەکی بن یان ئەوانەی دامەزراوەکان کێبڕکێیان لەسەردەکەن (prsa :2019).

## ئەرکەکانی پەیوەندیە گشتیەکان

پەیوەندیە گشتیەکان کە وەکو یەکەیەکی ڕێکخراو لە دامەزراوەیەکدا کاردەکات، چەندین ڕۆڵ و ئەرکی جیاواز دەبینێت، هەوڵی جێ بەجێکردنی پلان و بەرنامەو بەدیهێنانی ئامانجەکان دەکات کە گرنگترینیان بەرزکردنەوەی ئاستی هاندانە بەرەو خزمەتکردنی دامەزراوەکە، بەردەوامیدان بە پەیوەندی ئەرێنی نێوان فەرمانبەرانی نێودەزگاکە و ژینگەی دەرەوەی دامەزراوەکە و هەر لایەنێکی دیکە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوندی بە دامەزراوەکەوە هەیە، هەروەکو ئەنجامدانی توێژینەوە، پلاندانان، پەیوەندیکردن، بازارکردن، هەڵسەنگاندن. هەموو ئەمانە بریتین لە کاری پەیوەندیە گشتیەکان. بەشێوەیەکی ووردو پسپۆڕیانە کاری پەیوەندیە گشتیەکان ئەمانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

١-ڕاهێنانی جەماوەرە نێوخۆییەکانی نێودامەزراوەکە لە ڕێگەی بەشداریکردنیان بە هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر دامەزراوەکە.

٢-چاندنی متمانە لە نێوان لایەنی کارگێڕی و خاوەنی دامەزراوەکە چ تاکە کەسی بێت چ پشکداری بێت، هەروەها پاراستنی پەیوەندیەکان لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی هەلی جیاوازەوە.

٣-بەدەستهێنانی ڕێکەوتن و تێکەڵاوبون لە نێوان جەماوەری دامەزراوەکەدا، ئیتر چ جەماوەری نێوخۆیی بن یان دەرەکی.

٤-چاککردنی ئاڕاستە نەرێینەکانی نێوکۆمەڵگای لۆکاڵی و گشتی لە نێوان دامەزراوەکە و جەماوەرەکەیدا، و گۆڕینی بۆ ئاڕاستەی ئەرێنی.

٥-هەوڵی بەردەوام بۆ دەستخستنی ڕەزامەندی کۆمەڵگا بۆ دامەزراوەکە لە پێناو بەهێزکردنی متمانە لە نێوانیاندا.

٦-کاردەکات وەکو ئاگادارکەرەوەیەکی خاوەن بڕیارەکان لە پێشهاتە نەرێنەکان.

٧-پەیوەندیە گشتیەکان بەشێوەیەکی دانەبڕاو کاردەکات لە پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دامەزراوەکە، دەستخستنی ڕەزامەندی فەرمان بەران و هەڵسوڕاوان و بەرپرس و بەڕێوەبەرەکاندا.

٨-کاردەکات بێ لێبڕان بۆ دەستخستنی کڕیار بەبەردەوامی، و زیادکردنی متمانەی جەماوەر بەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشی دەکات. ( بوخناف، ٢٠١١ )

پەیوەندیە گشتیەکان لە سەرجەم دامەزراوەتایبەتی و گشتیەکاندا ڕۆڵ و ئەرکی دیاریکراوی دەبێتە پاڵپشتێکی بەردەوامی دامەزراوەکەو جەماوەرەکانی، هەموو بوارەکانی تەندروستی و پەروەردە سەربازی ژینگە وەرزش کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و ڕێکخراوی ناحکومی دا لەسەر جەم ئاستە جیاوازەکانی دامەزراوەکەدا.

کەواتە کاری پەیوەندیە گشتیەکان دەمێنێتەوە لەنێوان دوو ئاراستەدا، یەکێکیان بۆ ناو دامەزراوەکەیە، ئەوی دیکەیان بۆ دەرەوەی دامەزراوەکەیە، چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کە مامەڵە دەکات بۆ بەدیهێنانی چەندین ئامانج و مەبەستی دیاریکراو.

## بنەماکانی کاری پەیوەندیە گشتیەکان:

چەندین بنەما هەیە کە بەشی پەیوەندیەگشتیەکان کاری لەسەر دەکات و پابەندە پێوەی لەوانە:

١-بوونی ئامانجی ڕوون و ئاشکرا بۆ ئەو یەکە کارگێڕیە.

٢-هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی متمانەی گروپی دیاریکراو لە دامەزراوەکەدا، یان لەدەرەوی دامەزراوەکەدا.

٣-بوونی نەرم و نیانیی لە پلانداناں و جێبەجێکردن و چارەسەرکردن و گەشەپێدان، واتە ئەم یەکە کارگێڕیە توند و چەق بەستو نیە بەڵکو بەبەردەوامی کاردەکات لەگەڵ جەماوەرە دەرەکی و جەماوەرە ناوخۆییەکاندا.

٤-سەرکردایەتیکردن لە بەڕێوەبردنی کاردا یەکێکە لە هەرە خاڵەگرنگەکانی سەرکەوتنی یەکەی یان بەشی پەیوەندیە گشتیەکان، کە ئەم یەکەیە بەبەردەوامی پەیوەندی هەیە لە نزمترین پلەکانی کارگێڕی تا بەرزترین پلەکانی کارگێڕی و خاوەن و بڕیار بەدەستەکانی دامەزراوەکە و جەماوەرەکانیان، بۆیە بەشێکی تەواو زیندووی پڕ چالاکیە.

## ئامانجەکانی پەیوەندیە گشتیەکان:

دەتوانین ئامانجەکانی بەڕێوەبردنی پەیوەندیە گشتیەکان ڕونبکەینەوە لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١-دامەزراندنی شوناسی دامەزراوەکە لە ڕێگەی دیاریکردن و ناساندنی دامەزراوەکە لە بواری بنەما و سروشتی کارکردنی دامەزراوەکە.

٢-پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی دامەزراوەکە و دابەشکردنی بەرهەمەکانی.

٣-چارەسەرکردنی ئەو تەنگەژانەی ڕووبەڕووی دامەزراوەکە دەبێتەوە چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوە پێش ئەوەی ڕووبدەن.

٤-بەدەستهێنانی ڕەزامەندی کۆمەڵایەتی دامەزراوەکە لە ڕوانگەی خزمەتگوزاریەکان و شێوازی مامەڵە کردنیدا.

## تیۆریاکانی هاندان لە پەیوەندیە گشتیەکاندا:

بابەتەکانی هاندان و پاڵپشتیکردن یەکێکە لە هەرە بابەتە هەستیارەکانی پەیوەندیە گشتیەکان، بە پێی چەندین شێواز و بیردۆز جێبەجێدەکرێت، کە گرنگترین بیردۆزەکان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١-بیردۆزی دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکانی ماسلۆ:

بە پوختەی ئەم بیردۆزەی ناسراوە بە هەرەمی ماسلۆ، ئەوەیەکە مرۆڤ دەبێت پێداویستییە سەرەتاییەکانی بۆ دابینبکرێت وەکو خواردن و خواردنەوە و حەزەکان و ئەو پێداویستیانەی کە مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری ببێت و بەبێ ئەوە ناژی، پاش ئەوانە ئارامی و سەلامەتی و

دواتر پێویستی کۆمەڵایەتی و پێداویستیەکانی تری مرۆڤ وەک ناسین و خۆشەویستی و ڕاستگۆیی و تێکەڵاوبوون و پاشان پێزانین و هەستکردن بە ڕێزگرتن و تا دەگاتە ئەوەی هەست بەخۆبکات و متمانەی بەخود بۆ دروست ببێت، لێرەوە دەتوانێت ئاستێکی تایبەتی بەخۆی هەبێت و کەسایەتی خۆی بناسێت و جیاواز بێت لە کەسانی دەوروبەر.

کرۆکی ئەم بیردۆزە لە وەدایە کە ئەم پێداویستیانە مرۆڤ، بەپێی گەشەکردنی لە ڕوی جەستەیی، زەینی، سۆزداری، کۆمەڵایەتیەوە هەر لەسەرەتای منداڵیەوە گەشە دەکەن، تا ئەو ڕادەیەی کە وورده وورده هۆگری کەسان و خەڵکانی دیکە دەبێت، بەهەمان شێوە پێویستی سەلامەتی و دورکەوتنەوە لە ئازارو ترسان (الزند ،٢٠١٦ )

٢- بیردۆزی پاڵنەرەکانی بەدەستهێنان ی مەکلەلەند: ئەم بیردۆزە کە لەساڵی ١٩٨٤ دا دەرکەوت و جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی پاڵنەرەکانی ڕەفتاری مرۆڤ پەیوەستە بە سێ خاڵەوە:

ا- حەزو ئارەزوو بۆ بەدەستهێنان،واتە پێویستی بۆ گەیشتن بە ئەنجامگەلێك کە ڕووبەڕوی تواناکانی تاک دەبێتەوە.

ب-حەزو ئارەزوو بۆ پابەندبوون و ئینتیما، واتەپێداویستیۆ دروستکردنی پەیوەندی کەسی و مرۆیی لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

ج-ئارەزوو لە هێز و دەسەڵاتدا بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەرکەسانی تردا زاڵببێت. ئەم پێویستیە وا لە تاک دەکات کە دەستکەوتی گەورەبەدەست بهێنێت، سروشتی ئەم کەسانە وایە کە حەزدەکەن بەتەنها پرۆژە ئەنجامبدەن و دەستکەوت بەدەست بهێنن، بۆ ئەم جۆرە کەسایەتیانە پێویستە پاڵنەری تایبەتی ئامادەبکرێت و بزانرێت لە چ کاتێکدا و بە چ هۆکارێک تەواوی توانای خۆی بەکاردەهێنێت یان ئەو گرفتانە چیە کە وا لەو فەرمانبەرە دەکات کە هێز و توانای کەمبکاتەوە، دەبێت بە زوویی چارەبکرێت بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر بەدینەهێنانی ئامانجی دامەزراوەکە دروست نەکات.

### ٣-بیردۆزی هۆکاری دوانەیی هزربێرگ:

ئەم بیردۆزە دوو بابەتی گرنگی پەیوەندیداری ئەدای وەزیفی لەخۆدەگرێت، ئەوانیش هاندان و پاڵنەرن پاشان دەوڵەمەند کردنی وەزیفی، پاڵنان پەیوەندی گرنگی تەواوی هەیە بە سیاسەتی کارکردنی دامەزراوەکە و سیستمی موچە و هاندان و پەیوەندییەمرۆییەکان و بەشەکانی تری پاڵپشتی فەرمانبەران و ئیمتیازاتەکانی تر.

لەکاتێکدا دەوڵەمەندکردنی وەزیفی پەیوەندی هەیە بە زیادکردنی بەپرسیارێتی و سەڵاحیات وەکو سەرچاوەیەکی هاندان، کە وا لە فەرمانبەرەکە دەکات ڕۆڵی زیاتر ببینێت و بتوانێت سەرکردایەتی کارەکە بکات و گوێگرێکی باشی بۆچونەکان بێت لەکاتی کارکردندا.

### ٤-بیردۆزی هاوسەنگ:

خاوەنی ئەم بیردۆزە ستیڤن کوڤی ١٩٨٩ پێداویستیەکانی مرۆڤی کورتکردۆتەوە بۆ چوار پێویستی (ماددی، ڕۆحی، کۆمەڵایەتی، عەقلی)، بۆیە مرۆڤی هاوسەنگ حەزدەکات بژی، و فێرببێت و خەڵکی خۆشبوێت و لای خەڵکیش خۆشەویست بێت، بەم جۆرە لەدوای خۆی کاریگەری چاک و باش بەجێبهێڵێت، مرۆڤ دەبێت بە هاوسەنگی لە نێوان ئەم پێداویستیانەدا بژی و ناکرێت لە یەکێکیاندا ڕۆچون و زیادەڕەوی هەبێت و ئەوانی تر فەرامۆشکرێت ، کوڤی مەبەستی بووە مرۆڤ جیاواز وێنا بکات، بۆیە تایبەتمەندی پێداوە لە ڕێگەی بەهێزبوونی کەسایەتیەوە، هێزی ویژدان و لێپرسینەوە لە خود، بەڕێوەبەرێتی و توانای سەربەخۆیی و توانای وەڵامدانەوەی دەوروبەر بۆ ڕەخنەگرتنا بەڵکو بۆ جیاوازبوون، بیربکەینەوە، وەڵامی پێویستمان هەبێت و لەکۆتایدا خەیاڵی داهێنانکاریمان هەبێت ، هەموو ئەمانە پەیوەندیدارین بەوەی کە سەرنەکەوتنەکانی ڕابردوو ببێتە وانەیەک بۆ ئێستا و داهاتوو( الزند ٢٠١٦،بریمو٢٠٠٩، ڕۆس١٩٩٤ )

## ڕێگاكانی هاندان لە پەیوەندیەگشتیەكاندا

دەتوانین ڕێگاكانی هاندانی پەیوەندیەگشتیەكان كە وەكو بەشێک یان یەكەیەكی كارگێڕی تایبەت ڕۆڵ ببینێت ڕوونبكەینەوە لەڕێگەی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١-پڕكردنەوەی پێداویستیەكان لە كاتی كاتی كاركردندا.

٢-هاوسەنگیكردن لە دابینكردنی پێداویستیەكاندا.

٣-هاندان لەدەرەوەی چوارچێوەی كاركردندا.

٤-پێشكەشكردنی سەلامەتی لە پێداویستیە بنەڕەتیەكاندا وەكو دابینكردنی موچە، دۆخی كاركردن و دڵنیایی كاركردن و ژیانی ئاسایی.

٥-بەرزكردنەوەی هاندانەكانی كاركردن

٦-تێگەیشتن لە ڕەفتارە جیاوازەكان

٧-مامەڵەكردنی باش و هاوسەنگ و گونجاو

٨-برەودان و ڕەخساندنی ژینگەی گفتوگۆ

٩-لەبری لۆمەكردن دروستكردنی ڕۆشنبیری

١٠-پێشكەشكردنی هاندان

١١-چارەسەركردنی نزمبونەوەی ئاستی كاركردن

١٢-دانانن بە سەركەوتن لە كاردا

١٣- هاندان لە ڕێگەی گۆڕانكاری، ئیتر گۆڕانكاریەكە پلەبەندی بێت یان جەوهەری بێت.

١٤-بەخشینی پێزانین چ بە شێوەی ماددی یان مەعنەوی

١٥-ئاهەنگ گێڕان بۆ سەركەوتنەكان (الزند، ٢٠١٤)

## ٢- توێژینەوەكانی پێشوو:

توێژەر خوێندنەوەی لەسەر چەندین توێژینەوەی پێشوتری كردووە دەربارەی پەیوەندیە گشتیەكان لەوانە چەند تێزێكی وەک ( زریقە، ٢٠١٠، ابو حناف، ٢٠١١، المشهدانی، ٢٠١٤) ، وە هەندێ توێژینەوەی تاكی كە بەشێوەیەكی گشتی دەربارەی ئەم بابەتە نوسیویانە (برمو، ٢٠٠٩) ، وە هەندێكیان باسی پەیوەندیەگشتیەكانیان كردوە لە بواری كەرتی بازرگانیدا وەک ( الجاراللە، ٢٠١١) ، یان گەشت و گوزار (المشهدانی، ٢٠١٧) یان كەرتی پیشەسازی ( ابوزید، ٢٠١١) كە نزیكترینیانە لەم توێژینەوەیە، لە خوارەوە كورتەیەک لەم توێژینەوانە دەخەینەڕوو:

١-المشهدانی ٢٠١٧، ئەم توێژینەوەیە لە عێراق ئەنجامدراوە بە ئامانجی ڕۆڵی پەیوەندیەگشتیەكان لە گەشەپێدانی ئوتێلە گەشتیاریەكان لە عێراق، كارگێڕیەكانی میوانخانەكان و فەرمانبەرەكانی نمونەی توێژینەوەكەن، سی كەس هەڵبژێردرابوون لە پێنج ئوتێلی گەورەی شاری بەغدادا، لە ڕێگەی فۆرمێكی ڕاپرسیەوە، لاوازییەكی گەورە لە بواری پەیوەندیە گشتیەكاندا لە كۆی بوارەكانی گەشت و گوزارەوە دەردەخات، لەو تەوەرانەی لە پەیوەندی بە خزمەتكردنی میوانان و موشتەریەكانی و خێرایی لە خزمەتگوزاریەكان گرنگیدان بە لایەنی پاک وخاوێنی و گرنگیدان بەلایەنی ڕاگەیاندنی ئوتێلەكان.دەرئەنجامی توێژینەوەكە دیاریكردنی لاوازی كادری كارگێڕی وەكەمی پاڵپشتی دارایی و مەعنەوی لە بەشی پەیوەندیەگشتیەكان لە گەشتوگوزار لە عێراق.

٢-لێكۆڵینەوەی ئەلجار اللە ٢٠١١ كە لە سعودیە ئەنجامدراوە دەربارەی پەیوەندیەگشتیەكان و كاریگەریان لە كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەت لە گۆشەنیگای فەرمانبەرەكانیەوە، نمونەی توێژینەوەكەی لە ٤٤٢ كۆمپانیادا ، ٦٦ كۆمپانیای هەڵبژاردووە و بەبەكارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی فەرمانبەرانی كۆمپانیاكانی گرتۆتەوە كە ڕۆڵی پەیوەندیەگشتیەكان دەگێڕن لەسەر دەركەوتنی كەمی گرنگیدانی بەرچاو و ڕون و ئاشكرا و

پشتپێبەنەبەستی کارگەکان بە پەیوەندیەگشتیەکان و لاوازی گرنگی کارگێری گشتی بەم بوارە.

٣-عەبدالکریم ٢٠١١، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ دەرخستنی ئەو هەوڵانەیە کە فەرمانگەی پەیوەندیەگشتیەکان ئەنجامیان داوە لەسەر چاککردنی وێنەی زەینی کۆمپانیاکانی سعودیە، بەجۆرێک ڕاپرسی کرا لەسەر ٥٤ کۆمپانیا و لە ١٥٠ کۆمپانیای کەسی ، لەم کۆمپانیایانەدا دەرکەوت کە زیاتر لە بیست ستراتیژ بەکاردێت بۆ تەرویجدان و ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان.

٤-بوخناف ٢٠١١: ئەم توێژینەوە لە جەزائیرو بە مەبەستی ئەرکەکانی پەیوەندیەگشتیەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەدای دامەزراوە گشتیەکان ئەنجامدراوە ، ئەم توێژینەوەیە ٢٥ دامەزراوەی گرتووەتەوەبە بەکارهێنانی شێوازی چاوپێکەوتن لە گەڵ کۆمەڵێک لە کارگێرییەکانی دامەزراوەکان بە جیاوازی ئاستی کارگێڕیانەوە. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوت کە پەیوەندیە گشتیەکان لەو پەڕی لاوازی دایە ئەویش بەهۆی باوەڕنەبوونی کارگێری باڵا بە گرنگی و ڕۆڵی پەیوەندیە گشتیەکان بە تایبەت لە دامەزراوەکانی بەرهەمهێناندا.

٥-بیخلاف ٢٠٠٩، ئەم توێژینەوەیە لە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی خوێ ئەنجامدراوە لە جەزائیر بەمەبەستی خستنەڕووی ڕۆڵی پەیوەندیەگشتیەکان لە باشترکردنی بەرهەمدا لە گۆشەنیگای فەرمانبەرەکان و موشتەریەکانیەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە پەیوەندیە گشتیەکان ڕۆڵی لاواز دەگێڕن لە چاککردن و بەرەوپێشبردنی بەرهەمەکانیاندا.

## بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوە

ئەم بەشە لەم خاڵانەی لای خوارەوە پێکهاتووە:

### یەکەم: میتۆدی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی ڕۆڵی پەیوەندیەگشتیەکان لە بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان و بەبازارکردندا لە گۆشەنیگای فەرمانبەرەکانیانەوە، لە کۆمپانیای دەبڵ ئەی بۆ بەرهەمهێنانی کاغەز، کە نوێنەرایەتیان هەیە لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش پێوستمان بە داتا و زانیاری مەیدانی نێوفەرمانبەرانی خودی کۆمپانیاکە هەیە کە پۆلێندەکرێت بە میتۆدی شیکاری وەسفی مەیدانی

Kaufman ,etc 2006: 234 McMillan,J &Schumacher 2001:365

### دووەم: کەرەستەی کۆکردنەوەی داتاکان

باشترین کەرەستەی کۆکردنەوەی داتا لە توێژینەوە وەسفیەکاندا کە تیایدا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دێتە دی ئەویش ڕێگای ڕاپرسییە (الزند،2 McMillan,&Schumacher 2001: 496,015 )

بۆ ئەوەی بگەینە ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسییەک کەسیفەتی ڕاستێتی و جێگیری (صدق و ثبات) هەبێت، هەڵساین بە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە:

١-گەڕان بە دوای ئەو توێژینەوە مەیدانیانەی لەم بوارەداکراون بەمەبەستی دیاریکردنی کەرەستەکانی بواری توێژینەوەکە.

٢-لێکۆڵینەوە لەسەر بنەماکانی ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی و ڕێگاکانی ئامادەکردنیان و جۆرەکانی پێوانەکردنی و پاڵپشت بەو سەرچاوانەی کەلەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێکراوە، ئامادە کراوە.

٣-ئامادەکردنی ئەم استبانەیە لەسەر بنەمای چوار تەوەرەیە کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

ا-ڕۆڵی ئیجابی و گرنگی پەیوەندیە گشتیەکان ٨ پرسیار

ب-ڕۆڵی نارۆونی پەیوەندیەگشتیەکان لە کۆمپانیادا ١٢ پرسیار

ج-ڕەفتاری تایبەتی کۆمپانیا لە پەیوەندیەگشتیەکاندا ٧ پرسیار

د-چالاکی یان کاریگەرێتی ڕۆڵی پەیوەندیەگشتیەکان لە بەبازارکردن و ڕاگەیاندندا ١١ پرسیار

٤-بەمەبەستی دیاریکردنی ڕاستێتی (صدق) ی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی سەرەتایی لەلایەن کۆمەڵێک شارەزای ئەکادیمییەوە هەڵسەنگێنراوە

کە پسپۆڕی بواری پەیوەندیەگشتیەکان و ڕێگاکانی توێژینەوە و ڕاگەیاندنیان تێدایە ( لە هاوپێچی ژمارە ١)دا. ( السید و عبده، ٢٠١٤،٢٧٨)

٥-بەمەبەستی وەستان لەسەر جێگیری فۆرمی ڕاپرسیەکە، کە پێوانەی پلەی ڕوونی پرسیارەکان دەکات بۆ سامپڵی توێژینەوەکە ((البهي السيد، ٤٥٥، ٢٠٠٥ )، وێنەی یەکەمی فۆرمی ڕاپرسییەکە بەسەر ٨ فەرمانبەری کۆمپانیاکە لە ئاستی جیاواز و بڕوانامەی جیاوازدا دابەشکرا، دوای کۆکردنەوەی ئەنجامی شێوازەکانی دروستی و جێگیری، دواجارفۆرمی ڕاپرسیەکەبە ٢٥ پرسیار و لەدەوری چوار تەوەرەی سەرەکی کۆتایی هات کە لەم خشتەی ژمارە (٧) دا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (٧) ڕونکردنەوەی نمونەی کۆتایی فۆرمی ڕاپرسیەکە بە پێی تەوەرەکان و پرسیارەکان.

| ژ | تەوەر | ژمارەی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکە |
|---|---|---|
| ١ | ڕۆڵی ئیجابی و گرنگی پەیوەندیە گشتیەکان | ١،٢،٧،٨ |
| ٢ | ڕۆڵی ناڕوونی پەیوەندیەگشتیەکان لە کۆمپانیادا | ٣،٦،٩،١٢،١٥،١٨،٢١،٢٥ |
| ٣ | کاریگەری ڕۆڵی پەیوەندیەگشتیەکان | ١٠،١١،١٣،١٤،١٦،١٧،٢٠،٢٢،٢٣،٢٤ |
| ٤ | شێوازی تایبەتی کاری پەیوەندیەگشتیەکان لە کۆمپانیادا | ٤،٥،١٩ |

سێیەم: کۆمەڵگای توێژینەوە و سامپڵەکەی

لەم توێژینەوەیەدا سەرجەم فەرمانبەرانی کۆمپانیای ( دەبڵ ئەی بۆ بەرهەمهێنانی کاغەز بەشداریان کردووە کە ژمارەیان ٦٠ کەسە) کە سەرجەمیان توانای نوسین و خوێندنەوەیان هەیە، ئەو فەرمانبەرانەی کە سەر بە بەشەکانی وەک پاککردنەوە و پاسەوانی و شۆفێرین لەم توێژینەوەیە بەشدارنین، واتە سامپڵی توێژینەوەکە ٣٢ فەرمانبەری کۆمپانیاکەن و نوێنەرایەتی ٥٦% لە سەدی کۆی فەرمانبەران دەکەن. هەستاون بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە کەلە خشتەی دواتردا بە وردی نیشاندراوە (٦-٢)، بەشێوەیەکی گشتی گۆڕاوەکانی ناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو کە دەست پێدەکات بە ڕەگەز و تەمەن و بڕوانامە و پسپۆڕی و ساڵانی خزمەتکردن ، وەکو لەم خشتەیەدا بڵاوکراوەتەوە:

خشتەی (١)ژمارە و ڕێژەی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز ڕوونەکاتەوە

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ١٣ | %٤٠ |
| مێ | ١٦ | %٥٩ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | %١٠٠ |

خشتەی (٢)سامپڵی توێژینەوە بە پێی تەمەن ڕووندەکاتەوە

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٢٠-٣٠ ساڵ | ٢٣ | %٧١ |
| ٣١ — ٤٠ ساڵ | ٩ | %٢٨ |
| زیاتر لە ٤٠ ساڵ | سفر | %٠ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | %١٠٠ |

خشتەی (٣)سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی جۆری پۆلیتین لە کۆمپانیادا ڕووندەکاتەوە

| ناونیشانی وەزیفی | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڕێوەبردنی موشتەرە | ٤ | %١٢ |
| بەڕێوەبردنی لقەکانی دەرەوە | ٤ | %١٢ |
| سەرچاوەی مرۆیی | ٥ | %١٥ |
| ژمێریاری | ٢ | %٦ |
| فەرمانبەر | ١٧ | %٥٥ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | %١٠٠ |

خشتەی (٤)ساماپڵی توێژینەوەکە بەپێی ساڵانی خزمەت ڕوونکردنەکاتەوە

| ساڵانی خزمەت | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەمتر لەساڵێک | ١٣ | %٤٠ |
| ٣-١ ساڵ | ٨ | %٢٥ |
| ٦-٤ ساڵ | ١ | %٣ |
| ٧ ساڵ و بەرەوسەر | ١٠ | %٣١ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | %١٠٠ |

خشتەی (٥) ساماپڵی توێژینەوەکە بەپێی بڕوانامە ڕوونەکاتەوە

| بڕوانامە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دبلۆم | ٢ | %٦ |
| بەکالۆریۆس | ٢٦ | %٨١ |
| دبلۆمی باڵا | سفر | %٠ |
| ماجستێر | ٤ | %١٢ |
| دکتۆرا | سفر | %٠ |
| کۆی گشتی | ٣٢ | %١٠٠ |

## چوارەم: شێوازی ئاماری بەکارهاتوو:

شێوازی ئاماری بەکار هاتوو کە گونجاوبێت لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەو سروشتی فۆرمی ڕاپرسیدا پێکهاتووە لە:

١-دووبارەبوونەوە

٢-ڕێژەی سەدی ( عودە و القاضی، ٢٠٠٢،٢٥٦ )

## بەشی چوارەم: خستنەڕوو گفتوگۆی ئەنجامەکان

یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا ئەنجامی توێژینەوەکە دەخەینە ڕوو، کە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی فۆرمی ڕاپرسیەکەوە توێژەر دەستی کەوتووە هەروەکو چۆن لە بەشەکانی پێشوتردا ڕوونمان کردەوە، لە هاوپێچی (٢) تەواوی داتاو زانیاریەکان خراوەتەڕوو، کۆی زانیاری فۆرمی ڕاپرسیەکان لەڕێگەی ناوەندی ژمێرەیی و ڕێژەی سەدی و دوبارەبونەوەو هەریەکە لەپرسیار و وەڵامەکان خراوەتەڕو، بروانە خشتەی (٨).

خشتەی (٨) ڕونکردنەوەی نمونەی کۆتایی فۆرمی ڕاپرسیەکە بە پێی تەوەرەکان و پرسیارەکان و لەگەڵ ژمارەی دوبارەبووەکان و بەبەکارهێنانی ( بەتەواوی ناڕازیم، ناڕازیم، ڕازیم تاڕادەیەک، ڕازیم، زۆر ڕازیم)

| ز | تەوەر | ژمارەی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکە | بەتەواوی ناڕازیم | ناڕازیم | ڕازیم تاڕادەیەک | ڕازیم | زۆر ڕازیم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕۆڵی ئیجابی و گرنگی پەیوەندیە گشتیەکان | ١،٢،٧،٨ | ٢ | ٩ | ٣٨ | ٤٤ | ٧ |
| ٢ | ڕۆڵی ناپوختی پەیوەندیەگشتیەکان لە کۆمپانیادا | ٣،٦،٩،١٢،١٥،١٨،٢١،٢٥ | ١٥ | ٤٦ | ٢٤ | ١٢ | ٣ |
| ٣ | کاریگەری ڕۆڵی پەیوەندیەگشتیەکان | ١٠،١١،١٣،١٤،١٦،١٧،٢٠،٢٢،٢٣،٢٤ | ٢ | ١٧ | ٣١ | ٤٤ | ٦ |
| ٤ | شێوازی تایبەتی کاری پەیوەندیەگشتیەکان لە کۆمپانیادا | ٤،٥،١٩ | ٤ | ١٧ | ٤٠ | ٣٢ | ٧ |

لەم ئەنجامانەی خراوەتەڕوو لە خشتەی (٨) دا، بە ڕوونی پێوەرەکان و شێوازەکانی دیدو بۆچوون دەربارەی سروشتی کارکردنی پەیوەندیەگشتیەکان و دابەشکردنی پرسیارەکان دانراوە.

کاتێک توێژەر گفتوگۆ لەسەر ئەنجامەکان دەکات و بەراوردی دەکات بە توێژینەوەکانی تر وەک (الطراونە -٢٠٠١، و برمو-٢٠٠٩) ، لەوەی کە پێشکەش کرا بەتەواوی،المشهدانی-٢٠١٧، لەگەڵ هیچ یەکێک لەگەڵ توێژینەوەکانی تر بەتەواوەتی یەکناگرێتەوە، هەرچەندە ئەنجامی زۆربەی توێژینەوەکانی دیکە لاوازی لە بواری پەیوەندیەگشتیەکاندابە ڕوون و ئاشکرا دەبینرێت ، بۆنمونە المشهدانی ٢٠١٧ ڕونیکردۆتەوە کە زۆربەی هۆتێلە پلەیەکەکانی عێراق زۆر بە گرنگیەوە سەیری ڕۆڵی پەیوەندیەگشتیەکان ناکەن موشتەریەکانیان زۆر ئارام و دڵنیانین لە ڕۆڵ و خزمەتگوزاریەکاندا، کە ئەمە لەگەڵ توێژینەوەکەی بخناف ٢٠١١ لە جەزائیر هەمان ئەنجامن.

بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەبینین لە القصر-٢٠٠٧ لە جەزائیر و ئەبو زید ٢٠٠٨ لە میسر کە دەورێکی بەرجەستەکراو هەیە لە کارگێڕی پەیوەندیە گشتیەکاندا لە گەشت و گوزارو دامەزراوە ئابوریەکاندا کە هەروەکو چۆن عبدالكريم ٢٠١١ ، جاراللە ٢٠١١ لە سعودیە کە ڕۆڵی ئەرێنی پەیوەندیەگشتیەکانیان بە باشی دەبینی لەسەر ئاستی ناسینی موشتەریەکان و بەرزکردنەوەی توانستی فەرمانبەران و لەنێو دەیان کارگەی کەرتی تایبەتدا لە سعودیە بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا ئەنجامەکانی ڕۆڵی ئەرێنی پەیوەندیە گشتیەکان لە هەستی بەرپرسیارێتی فەرمانبەرانەوە دەبینرێت کە کارگێڕی دامەزراوەکە هاوبەشی و پاڵپشتی فەرمانبەران دەکات بۆ زیاتر بەرهەمهێنان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ناوەکی و دەرەوەی کۆمپانیاکەدا و پابەند بوون و دووپاتکردنەوەیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمپانیاکە. وە بۆ تەواوی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە سەیری هاوپێچی (٢)بکە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا.

## بەشی پێنجەم: دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

### یەکەم: دەرئەنجامەکان:

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١-پەیوەندیەگشتیەکان ڕۆڵێکی دیاری هەیە لەسەر ئاستی جەماوەری ناوەکی کۆمپانیاکە، پەیوەندییەکی ڕێکخراوی هەیە بە بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکی فەرمانبەران .

٢-ئەنجامێکی تر بریتیە لە گرنگیدانی کارگێڕی دامەزراوەکە بە شێوەیەکی فراوان بە پاڵپشتیکردنی پەیوەندیە گشتیەکان لە ڕێگەی شارەزاکانەوە هەوڵی باشترکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان و بەرزکردنەوەی لایەنی مەعنەوی فەرمانبەران، ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ بەشی پەیوەندیە گشتیەکان و لە ریگەی جۆرایەتی چالاکیەکانیەوە و بە تایبەت چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان لە پێناو بەهێزکردنی لایەنی مرۆیی کۆمپانیاکە.

٣-گرنگە کە جۆرایەتی هەبێت لە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و بەکار هێنانی چەندین هۆکارو شێوازی گونجاو لەگەڵ ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیەی کە دامەزراوەکە ڕۆڵی تێدا دەبینێت.

٤-پاڵپشتی فەرمانبەران بەمەبەستی ئەوەی کە بەشی پەیوەندیەگشتیەکان چارەسەری کێشەکانیان بکات لە نێوان خۆیان و کارگێڕی باڵادا.

٥-هەندێکیش لەوانەی پرسیاریان لێکراوە ئاماژەیان داوە لە ڕاپرسیەکەدا کە پەیوەندیە گشتیەکان ڕۆڵی هەیە لە هاندان و هەوڵی زیاتر بۆ زۆری فرۆشتنی بەرهەمەکان.

٦-کاری پێکەوەیی و بەستی بەشەکانی کۆمپانیا بەیەکەوە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی پەیوەندیەگشتیەکان، تارادەیەک لەم دامەزراوەیە ئەم ڕۆڵە بینراوە بەڵام پێویستی بەهەوڵی زیاتر و چالاکی ناوەکی زۆرترە.

## دووەم: ڕاسپاردە و پێشنیارەکان:

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک پێشکەش دەکات، لەوانە پاڵپشتیکردنی بەشی پەیوەندیەگشتیەکان لەلایەن هەموو ئاستەکانی نێو کۆمپانیاکان لە لایەن کارگێڕی باڵا و بڕیاردەرەکان و سەرجەم فەرمانبەران، لەو کۆمپانیایانەی کە کراونەتەوە لە کوردستان یان ئەوانەی نوینەرایەتیان هەیە لە کوردستان، هەروەها گرنگی زۆر بدرێت بە کارگێڕی پەیوەندیە گشتیەکان لەبەر ئەوەی ڕۆڵێکی بەرچاوەدگێڕێت لە هاندان و ئامادەکردنی فەرمانبەران بۆ کاری باشتر و بەرەوپێشبردنی بەرهەمەکانی کۆمپانیا لە بواری چەندێتی بۆ زیادکردنی بەرهەم و چۆنیەتی بۆ پێشکەشکردنی باشترین بەرهەم. هەروەها گرنگە جۆرایەتی هەبێت لە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و پروپاگەندەدا و سود لە هەموو ڕێگاکانی بیستراو و بینراو ونوسراو وەربگیرێت.

هەروەها توێژەر لەم توێژینەوەیەدا تیشکی خستبووەسەر جەماوەری ناوەکی کۆمپانیاکە، بۆ تەواوکردنی تەواوی وێنەکە پێویستە لە داهاتوودا توێژینەوەکان ڕۆڵی جەماوەری دەرەکیش بناسێنن، ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی کۆمپانیاکان دەکەن..

## سەرچاوەکانی توێژینەوە :

### یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:


١.ابراهيم ، حبيب مال الله، دور الاعلانات التلفزينة في تشجيع السلوك الشرائي للمستهلك (دراسه مسحيه لعينه من جمهور محافظة اربيل).مجلة العلوم الحديثة والتراثية.ع١(٢):٢٦-٥١،(٢٠١٤)

٢.ابو زيد، صالح خليل، العلاقات العامة والاتصال الانساني .دار الشروق للنشر والتوزيع .عمان الاردن،(١٩٩٨).

٣.روستن ،كلير، العلاقات العامة الناجحة .ترجمة مركز التعريب والترجمة ، الدار العربية للعلوم . بيروت،(١٩٩٨).

٤.برمو، وائل صادق، دور العلاقات العامة في تحفيز الطاقات الكامنة لدى العاملين في المؤسسات "بعض المصانع والمستشفيات في منطقة التل" نموذجاً .بحث مقدم لنيل درجة الدبلوم في العلاقات العامة / كلية الادارة / الجامعة الاردنية، (٢٠٠٩ ).

٥.البهي السيد ، محمود، مناهج البحث العلمي في العلوم الانسانية.ط٣ دار العلم للطباعة والنشر . القاهرة،(٢٠٠٥ ).

٦.بوخناف، هشام، وظيفة العلاقات العامة ورنعكاساتها على اداء المؤسسة العمومية. مجلة العلاقات العامة. المملكة العربية السعودية ع١س٣. ص ٥٩-٩٢،(٢٠١١).

٧.الجبوري ، عبد الكريم راضي،العلاقات العامة فن وابداع تطوير المؤسسة ونجاح الادارة .دار البحار للنشر. بيروت، (٢٠٠١).

٨.الجار الله ،ماجد بن عبد الله، جهود ادارة العلاقات العامة في مواجهة الازمات .دراسة ميدانية على عينة من شركات القطاع الخاص في المملكة العربية السعودية.مجلة العلاقات العامة والاعلان، ع١ ص٦٩-٩١،(٢٠١١).

٩.جفال سامية و بو زيد ، سليمة، العلاقات العامة في المنظمة بين المفهوم والوظيفة. مجلة العلاقات العامة ، العدد٥ ، ص ١-١٩،(٢٠٠٨).

١٠.الجوهر، محمد ناجي، دور العلاقات العامة في التنمية . دار الشؤون الثقافية . بغداد،(١٩٨٦).

١١.حجاب ،محمد منير ووهبي سحر محمد،المداخل الاساسية للعلاقات العامة ، دار الفجر للنشر. القاهرة، (٢٠٠٣).

١٢.حجاب سعيد صالح واخرون، دور العلاقات العامة في العمل السياسي العربي . دار الكتاب للطباعة والنشر ، بيروت، (١٩٩٥).

١٣.خضر ،جميل احمد، العلاقات العامة ، دار المسيرة .عمان،(١٩٩٨).

١٤.خير الدين ، حسن محمد، اصول العلاقات العامة من الناحيتين النظرية والتطبيقية.مكتبة عين شمس . القاهرة، (١٩٧٨).

١٥.درويش ،عبد الكريم وتكلا ،ليلى، اصول الادارة العامة . مكتبة الانجلو ، القاهرة، (١٩٧٧).

١٦.رشوان ، حسين عبد الحميد احمد، العلاقات العامة والاعلام من منظور علم الاجتماع. المكتب الجامعي الحديث ، الاسكندرية، ( ١٩٨٧).

١٧.الزند ، وليد خضر ، علم النفس التربوي زمنشورات الدار الجامعي للطباعة والنشر ، دبي،(٢٠١٦).

١٨.الزند ، وليد خضر ، العولمة والتطور الاجتماعي في التعليم العالي . وقائع المؤتمر العالمي لتطوير المناهج الجامعية. جامعة ام درمان ، الخرطوم.السودان،(٢٠١٤).

١٩.سلمان محمد علي و احمد عبد الغفور الشيخلي، العلاقات العامة في العراق وزارة التخطيط، بغداد، (١٩٨١).

٢٠.الطراونة ،احمد، العلاقات العامة "صناعة القرن.الكتاب الجامعي للطباعة والنشر .ررېد الاردن (٢٠١٠).

٢١.العبد الكريم، صفية بنت ابراهيم، جهود العلاقات العامةفي بناء وتحسين الصورة الذهنية للشركات السعودية المساهمة. مجلة العلاقات العامة والاعلان .ع١ ١٤٣٢ ه ص٩٢-١٢١،(٢٠١١).

٢٢.عودة احمد و القاضي منصور، الاحصاء الوصفي والاستدلالي . مكتبة الفلاح ، عمان، (٢٠٠٢).

٢٣.غريب عبد السميع غريب، الاتصال والعلاقات العامة في المجتمع المعاصر. مؤسسة شباب الجامعة. القاهرة،(٢٠٠٤).

٢٤.قحف عبد السلام، هندسة الاعلان . دار الجامعة الجديدة للنشر ، الاسكندرية، (٢٠٠٥).

٢٥.لقصير، رزيقة،دور العلاقات العامة في تحسين صورة المؤسسة الاقتصادية (دراسة ميدانية بمؤسسة الاملاح في القسطينية). رسالة ماجستير غير منشورة / قسم الاعلام والاتصال ،كلية العلوم الانسانية والعلوم الاجتماعية .جامعة منتوري –قسطينية. الجمهورية الجزائرية (٢٠٠٧).

٢٦.المشهداني ، محمد جياد زين، العلاقات العامة في المؤسسات السياحية. دار امجد للنشر والتوزيع .عمان ، (٢٠١٧).

٢٧.المنجد الابجدي، بيروت دار المشرق – الطبعة الخامسة،(١٩٨٧).

٢٨.ناصر، محمد جودت، الدعاية والاعلان والعلاقات العامة. دار مجدلاوي للنشر .عمان،(١٩٩٨).

٢٩.هريسمان ،شوملي – ترجمة فريد انطوان ، العلاقات العامة، مكتبة الفكر الجامعي ، بيروت، ( ١٩٧٠ ).

**دووەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

-Aronson, E Wilson , T & Akert, M Robin .(2005)Social Psychology, 4th ed .International Edition ,Person Education ,USA.

-Kaufman ,R&Platt, w (2007 ).(Practical Evaluation for Education ).Corwin Press .sage Publication Ca USA.

-McMillan James & Schumacher Sally (2001). Research In education.5th ed Addison Wesley Longman. Inc New York.

-Ross M Steven (1994 ).Educational Psychology Theory & Practice . 4th, ed .Allyn & Becon USA.

–Van- Dullin K L, (2007). Methods of Scientific Research .5thed , McMillan & Willy , NY

–https://www.prsa.org/about/all-about-pr#:~:text=A%20more%20modern%20definition%20of,between%20organizations%20and%20their%20publics.%E2%80%9D

**هاوپێچەکان:**

**هاوپێچی (١)**

**ناو و پسپۆڕی و بڕوانامە و ناونیشانی شارەزایان و پسپۆڕان کە هەستاون بە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە فۆرمی ڕاپرسییەکە وەکو بەشێک لە ڕاستی و دروستی ڕوکەشی توێژینەوەکە**

| ژ | ناو | پلەی زانستی و بڕوانامە | پسپۆڕی | ناونیشان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ولید خضر عباس الزند | پرۆفیسۆر / دکتۆر | نەخشەکێشانی پرۆگرامەکان | زانکۆی عێراقیە |
| ٢ | د. باقر موسی جاسم | پرۆفیسۆر/ دکتۆر | پەیوەندییەگشتییەکان | زانکۆی بەغداد |
| ٣ | محمد زین الدین المشهداني | پرۆفیسۆری یاریدەدەر / دکتۆر | پەیوەندییەگشتییەکان | زانکۆی عێراقیە |
| ٤ | لاله صابر صالح | پرۆفیسۆری یاریدەدەر / دکتۆر | پەیوەندییەگشتییەکان | زانکۆی سلێمانی |
| ٥ | قبیل کوتی حسین | پرۆفیسۆر/ دکتۆر | ڕێنمایکاری پیشەیی | زانکۆی بەسرا |

**هاوپێچی (٢) وەڵامی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە:**

| ١پەیوەندییەگشتییەکان بەشداری دەکات لە هاندانیان لە کارکردن | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 0 | |
| ناڕازیم | 4 | %12 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 14 | %43 |
| ڕازیم | 14 | %43 |
| بە تەواوی ڕازیم | 0 | |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٢-بڕوام وایە کە پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆمپانیاکەمان ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پێشخستنی کۆمپانیاکەماندا | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 0 | |
| ناڕازیم | 3 | %9 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 8 | %25 |
| ڕازیم | 18 | %56 |
| بە تەواوی ڕازیم | 3 | %9 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٣-هەست بە هیچ کاریگەریەکی پەیوەندیە گشتیەکان ناکەم لەسەر هاتناتی فەرمانبەران لە کۆمپانیادا | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 0 | |
| ناڕازیم | 11 | %34 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 10 | %31 |
| ڕازیم | 9 | %28 |
| بە تەواوی ڕازیم | 2 | %6 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٤-پەیوەندیە گشتیەکان بەشداریکردوە لە پێکەوە بەستنی بەشەکانی کۆمپانیا پێکەوە | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 2 | %6 |
| ناڕازیم | 6 | %18 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 15 | %46 |
| ڕازیم | 9 | %28 |
| بە تەواوی ڕازیم | 0 | |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٥-زۆربەی کێشەکانمان لەناو کۆمپانیادا پەیوەندیە گشتیەکان بەشدارە لە چارەسەرکردنیان | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 3 | %9 |
| ناڕازیم | 12 | %37 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 12 | %37 |
| ڕازیم | 5 | %15 |
| بە تەواوی ڕازیم | 0 | |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٦-کارەکانمان بە ئاسانی بەڕێوە دەچێت بڕوام وایە پێویستمان بە پەیوەندیە گشتەکان نیە | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 0 | |
| ناڕازیم | 4 | %12 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 15 | %46 |
| ڕازیم | 11 | %34 |
| بە تەواوی ڕازیم | 2 | %6 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٧-هەست ئەکەین پەیوەندیە گشتیەکان ڕۆڵی هەیە لە پاراستن و هێشتنەوەی کارکردنمان بەشێوەیەکی ئاست بەرز | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 0 | |
| ناڕازیم | 4 | %12 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 15 | %46 |
| ڕازیم | 11 | %34 |
| بە تەواوی ڕازیم | 2 | %6 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٨-ئەزانم کە پەیوەندی نێوان بەشەکان و کاری پێکەوەییمان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانمان بەهۆی چالاکبوونی پەیوەندیە گشتیەکانەوەیە | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 3 | %9 |
| ناڕازیم | 1 | %3 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 11 | %34 |
| ڕازیم | 15 | %46 |
| بە تەواوی ڕازیم | 2 | %6 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٩-وەک خۆم هیچ هەست بە ڕۆڵی پەیوەندیە گشتیەکان ناکەم | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 0 | |
| ناڕازیم | 14 | %43 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 7 | %21 |
| ڕازیم | 10 | %31 |
| بە تەواوی ڕازیم | 1 | %3 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ١٠- چێژ وەرەگرم بەکارکردنم لەم کۆمپانیایەدا | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 1 | %3 |
| ناڕازیم | 2 | %6 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 13 | %40 |
| ڕازیم | 15 | %46 |
| بە تەواوی ڕازیم | 1 | %3 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ١١- هاوکاریکردن لەنێوان مەرجەم بەشەکانی کۆمپانیا بەهۆی ئەو بنەمایانەوەیە کە پەیوەندییەگشتییەکان دایناون | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی مەئەی |
| تەواوی ناڕازیم | 1 | %3 |
| ناڕازیم | 15 | %46 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 10 | %31 |
| ڕازیم | 5 | %15 |
| بە تەواوی ڕازیم | 1 | %3 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ١٢- هەست بە لاوازی دەکەم لە بانگەشەکردن بۆ بەرهەمەکانمان لە بازاڕە لۆکاڵییەکاندا | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 2 | %6 |
| ناڕازیم | 12 | %37 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 9 | %28 |
| ڕازیم | 6 | %18 |
| بە تەواوی ڕازیم | 3 | %9 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ١٣- هەست بە دڵخۆشی دەکەم کە بەردەوام تواناو شارەزاییەکانم لەم کۆمپانیایە بەکاریهێنم | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 0 | |
| ناڕازیم | 2 | %6 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 8 | %25 |
| ڕازیم | 20 | %62 |
| بە تەواوی ڕازیم | 2 | %6 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ١٤- بەردەوام جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە بەرهەمی کۆمپانیاکەمان باشترینە لە بازاڕدا | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 0 | |
| ناڕازیم | 4 | %12 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 5 | %15 |
| ڕازیم | 20 | %62 |
| بە تەواوی ڕازیم | 3 | %9 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ١٨- پەیوەندییەگشتییەکان بەشێوەیەکی چالاک بەشداریدەکات لە هەڵمەتی ناساندنی بەرهەمەکانماندا | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 0 | |
| ناڕازیم | 5 | %15 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 13 | %40 |
| ڕازیم | 12 | %37 |
| بە تەواوی ڕازیم | 2 | %6 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |
| ١٩- پەیوەندییەگشتییەکان سەرجەمی چالاکییەکانی کۆمپانیا ئاشکرا و دیاریەکات. | | |
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 1 | %3 |
| ناڕازیم | 3 | %9 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 19 | %59 |
| ڕازیم | 6 | %18 |
| بە تەواوی ڕازیم | 3 | %9 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٢٠- خۆم بەشداری دەکەم لە هەڵمەتی ناساندنی بەرهەمەکانمان | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 0 | |
| ناڕازیم | 4 | %12 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 11 | %34 |
| ڕازیم | 13 | %40 |
| بە تەواوی ڕازیم | 4 | %12 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٢١- چالاکییەکانی ڕاگەیاندن و بازاڕکردن و ناساندن زۆر ستوودارە | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 1 | %3 |
| ناڕازیم | 4 | %12 |
| ڕازیم تاڕادەیەک | 15 | %46 |
| ڕازیم | 10 | %31 |
| بە تەواوی ڕازیم | 2 | %6 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٢٢- هاوکاریکردنی کۆمپانیاکەمان لەگەڵ کۆمپانیاکانی تردا بە شێوەیەکی ڕوون و دیار دەبینم بۆ دەولەمەندکردنی بازاڕی | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 1 | %3 |
| ناڕازیم | 7 | %21 |
| ڕازیم تارادەیەک | 12 | %37 |
| ڕازیم | 11 | %34 |
| بە تەواوی ڕازیم | 1 | %3 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٢٣- پەیوەندییەگشتییەکان بەدەوام جەخت دەکاتەوە لەسەر بەشداریکردنی سەرجەم فەرمانبەران لە چالاکی و کۆڕو سیمینار و کۆنفرانسەکانی کە کۆمپانیا پێی هەڵدەستێت. | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 0 | |
| ناڕازیم | 7 | %21 |
| ڕازیم تارادەیەک | 14 | %43 |
| ڕازیم | 9 | %28 |
| بە تەواوی ڕازیم | 2 | %6 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٢٤- پەیوەندییەگشتییەکان لە کۆمپانیاکەمان سەرکردایەتی بەرنامەکانی گەشەپێدان و تازەگەری بەرهەمەکانمان دەکات. | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 2 | %6 |
| ناڕازیم | 8 | %25 |
| ڕازیم تارادەیەک | 13 | %40 |
| ڕازیم | 8 | %25 |
| بە تەواوی ڕازیم | 1 | %3 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |

| ٢٥- چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان هێشتا ناڕوونی هەیە لە ئەرک و سنووردارى هەیە لە ڕۆڵیشتدا. | | |
|---|---|---|
| | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| تەواوی ناڕازیم | 2 | %6 |
| ناڕازیم | 6 | %18 |
| ڕازیم تارادەیەک | 7 | %21 |
| ڕازیم | 13 | %40 |
| بە تەواوی ڕازیم | 5 | %15 |
| کۆی گشتی | 32 | %100 |